# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٤٠) لە ٢٠٢٤/٢/٢١

دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٤) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٧٧) لە ٢٠٢٢/٣/٩، و ئاماژە بە ماددەی (٢٠٩) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی فیدراڵ ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو و بەرکار لە هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لەسەر پێشنیاری لیژنەی وەزاریی پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی ئابووری ژمارە (٣) لە ٢٠٢٠/١/٢٧ بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦) لە ٢٠٢٤/٢/٢١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. هەموارکردنەوەی هەردوو خشتەی هاوپێچی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٩) لە ٢٠١٧/١١/٢٠ تایبەت بە دەستنیشانکردنی ڕسومات و کرێ و تێچووی تایبەت بە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان وەک لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە کە وێنەیەکی هەردوو خشتەی هەموارکراو هاوپێچی ئەم بڕیارەیە:

| ژمارەی خشتە | ناوی خشتە | ژمارەی بڕگە (دەستپێک و کۆتایی) |
|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (١) | خشتەی ڕسوماتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان | لە (١٦) بڕگە پێکهاتووە. بە بڕگەی [تۆمارکردنی کۆمپانیا خۆماڵییەکان جگە لە کۆمپانیای هاوپشک (الشركة المساهمة)] دەست پێ دەکات و بە بڕگەی [ڕاستاندنی تۆماری پێشکەشکراو) کۆتایی دێت. |
| خشتەی ژمارە (٢) | خشتەی کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان | لە (١٤) بڕگە پێکهاتووە. بە بڕگەی [وردبینیکردنی بەڵگەنامەکان و گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیاکان (خۆماڵی و بیانی) لە کاتی تۆمارکردن] دەست پێ دەکات و بە بڕگەی [داواکاریی کۆپیکردنی هەر لاپەڕەیەک لە بەڵگەنامەکانی کۆمپانیا] کۆتایی دێت. |

٢. ئەم بڕیارە لە دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و کار بە هیچ بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە دژ بە بڕگەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**